


ئێپسنسر هۆلست

# بکوژی بابانوئێلەکان

و: مستەفا زاهیدی



ڕۆژێ ڕۆژگاری کەسێک پەیدا بوو کە بەکوشتنی ٤٢ کەس لە بابانوئێل کۆتاییی بەهەموو شەڕەکان هێنا.

ڕووداو لێرەوە دەستی پێ کرد کە نزیک بەدە ڕۆژ پێش کریسمس بابانوئێلی سپای ڕزگاری لە ناوەڕاستی شەڕەکان کوژرا.

ڕۆژنامەکانی بەیانی هەواڵەکەیان بڵاو کردەوە، بەڵام ڕۆژی دواتر بابانوئێلی تر کوژران و ئەم شتە سەردێری هەموو ڕۆژنامەکانی بەیانی و ئێوارەی گرتەوە. چوار لە بابانوئێلەکان کاتی کۆکردنەوەی یارمەتی بۆ سوپای ڕزگاری کوژران و کەسی پێنجەمیان لە بەشی یاری منداڵانی فرۆشگای کەمپیل دۆزییەوە کە لە دواوە بەچەقۆ لێی درابوو.

هەمووان تووڕەبوون! هەمووان بێزاربوون. بیریان کردەوە کە دەبێ ئەم کەسە چ دێوێ بێ، چەن نابەرپرس و کاتنەناس! ئاخر گوناه نییە بەکوشتنی بابانوئێلەکان جێژنی منداڵان تێک بدرێ؟

ڕۆژی دواتر شار پڕ بوو لە مەئموری پۆلیسی شار و ئەیالەت و I.B.F تەنانەت مەئموورەکانی پاراستنی نهێنی هێزی دەریایی، مەئموورەکانی وەزارەتی دارایی و بەرپرسانی قوەی قەزاییەش کەمتەرخەم دانەنیشتن ، هەر کامەیان بیانوویەکیان بۆ کوشتنی بابانوئێلەکان دەدۆزییەوە و ١٠ بابانوئێل کوژرا و بکوژی ئازا هێشتا ئازادانە دەگەڕا. بابانوئێلەکان بەشەو لە دانیشتنی نهێنیدا ڕا و بۆچوونیان دەگۆڕییەوە و دەربارەی کارەکانی داهاتوو و ئەو کارانەی دەبێ بیکەن قسەیان دەکرد. گرنگی کارەکەی خۆیان دەزانی، بەڵام شتێکی زۆر گێلانە بوو کە بڕۆنە سەر شەقام و ئەو بکوژە بێ و بیانکوژێ، پیاوێکی بوێر پەیدا بوو، خوازیارانە بڕیاری دا بڕواتە دەرەوە، هیچ کەسی نەبوو. بڕیار بوو جلوبەرگێکی زرێی لە بەرکا و بڕوات.

بەڵام هەر ئەو شەوە لە ناو جێگەکەیدا سەریان بڕی. بەم شێوە ڕۆژی دواتر هیچ بابانوئێلێ لەسەر شەقام نەدەبینرا. هەمووان تووڕە و پەشۆکا بوون، منداڵەکان دەگریان، ئاخر جێژن بەبێ بابانوئێل جێژن نەبوو. بەڵام ڕۆژی دواتر خاتوونێکی هالیوودی، کە هونەرمەندێکی خوازیاری ناو دەرکردن بوو و دەیویست ناو دەربکات، جلی مامانوئێلەکانی لەبەر کرد و هاتە سەر شەقام. هەمووان لێی کۆبوونەوە، ئاخر تەنیا بوونەوەرێک بوو کە زۆر لە بابانوئێلەکان دەچوو. هەمووان ڕێزیان لێ نا و نەکوژراش. هەمووان لایان وابوو کە ئەو شێتە دەستبەردار بووە و یەکێ لە بابانوئێلەکان بۆ تاقیکردنەوە هاتە دەرەوە، بەڵام کاتژمێرێکی نەخایاند تەرمەکەیان خستە ئامبولانس و بردیان. سێ گوللەیان لێ دابوو. کریسمەسی ئەو ساڵە بە مامانوئێلەکان بەڕێوە چوو. ساڵی دواتر ئەم شتە دووپات بووە و مامانوئێلەکانیان ناردە سەر شەقام. ساڵی دوای ئەوەش هەروەها. ساڵی دواتر و دواتر. هەموو ساڵێ خۆزگە بەساڵی پێشتر. شێتەکە تەمایەر دەما و بابانوئێلەکانی دەکوشت. تا ئەوەی کە بابانوئێل لە زەینی خەڵک، ڕۆژنامە و ڕاگەیاندنەکاندا نەما و لە بیر کرا. کەسایەتی سەرەکی کریسمەسیش بوو بە مامانوئێل.

بابانوئێل بەڵام لە بەین نەچوو، لە جەمسەری باکور کەرەسەی یاری دروست دەکرد و بەرپرسایەتی "گەوزن"ەکانی بەئەستۆ بوو، بەڵام مامانوئێل سواری خێشەکە دەبوو و لە دووکەڵکێشەکانەوە دەڕۆیشتە خوارەوە و یارییەکانی پێشکێش دەکرد و هەموو ساڵێ

کریسمەسی بەڕێوە دەبرد. تەنیا بەشی پێکەنینی ئەم بابەتە لەوەدا بوو کە ژنەکان حەزیان لە مامانوئێل بوون بوو. کەسیش پارەیەکی پێ نەدەدان و سەردەمانی کریسمەس شەقام دەنگە دەنگێ بوو کە بۆ سەیرکردن دەبوو، لە بەر مامانوئێلەکان نەتدەتوانی بجووڵێی. پاش ماوەیەک گۆڕانکاریش لە جلی مامانوئێلەکاندا کرا، سەرەتا سوورییەکەیان کەم کردەوە و دواتر چەن ڕەنگێکی تریشیان تێکەڵ کرد و سەرئەنجام هەر کەس بەمەیلی خۆی جلی جوان و ڕازاوەی ڕەنگاورەنگی لەبەر دەکرد. لە پێشەوەی کریسمەسەوە بوون شانازییەکی تەواو بوو. منداڵەکان پێی خۆشحاڵ بوون! قەت کریسمەس وەها نەبوو، ئەم هەموو مامانوئێلە، ئەم هەموو شادییە، چەند خۆشە!




بەڵام ئەم بەرە تازەیە لە منداڵان، کە باوەڕیان بەمامانوئێلەکان بوو شتێکی تر بوون... ئاخر بابانوئێلەکان بۆ منداڵانی زۆر بچووک شتێکی پیرۆز بوو. ئەو کاتانەی کە باوەڕیان بە بابانوئێلەکان نەبوو دەچوونە خوێندنگە مەزهەبییەکان و شتگەلێکی تازە دەربارەی ئەو خودایە فێر دەبوون کە تەنیا کاری شت پێشکێش کردن نەبوو، خودایەکی توانا.

بەڵام ئەم بەرە نوێیە کە ڕوویان هێنا بووە مامانوئێلەکان باوەڕێکی تریان هەبوو.

ڕوانینی ئەوان بۆ ژنان ڕوانینێکی تر بوو. ژنیــان وەک نوێنەری پەرلەمــان هەڵبــژارد، ســەرکۆمــار ژن، شــارەدار ژن،... زۆری نەبرد هەمــوو وڵات کــەوتە دەســتی ژنان. باسی سەرەکییان خواردن بوو و لە پەرلەمان نوێنەرەکان زۆر کەمیان دەخوارد و زۆری نەخایاند کە تەنانەت ماڵە هەژارەکانیش خواردنێکی فراوانیان دەست دەکەوت. دواتر مامانوئێلەکان ڕوویان هێنایە خانوو و هۆگری خانوو بوون زۆری نەبرد هەمووان بوون بە خاوەنی خانوو و کێشەی نەبوونی خانووش چارەسەر کرا. کارێ بوو کە نەیان دەکرد. چوون عادل بوون ئەم کارەیان نەدەکرد. چ پێویستەک هەبوو کە ئەوان لەبەر کێشەی سیاسی منداڵەکانی خۆیان بنێرن بۆ کوشتن؟ گاڵتەجاڕ بوو! کە هێزی سیاسییان بەدەستەوە گرت و سەرچاوەی ماڵیان بەدەست هێنا بە ئەوپەڕی توانا و شکۆوە وڵاتانی تریان ناچار کرد کە دەسەڵات بسپێرن بە ژنان.

بەم شێوە بۆ هەمیشە کۆتایی بەشەڕ هات. پیاوەکان کەوتنە دوای کاری خۆیان. لە کارگەکاندا کاریان دەکرد و بیرکارییان دەخوێند، مەریان لەسەر خێرابوونی ئەسپەکان دەبەست و سەهۆڵیان دەفرۆشت و دەربارەی فەلسەفە قسەیان دەکرد، بەڵام قسەکردنیان دەربارەی فەلسەفە هیچ کات نەبوو بەهۆی ئەوەی کە مرۆڤەکان بکەونە گیانی یەکتر و یەکتر بکوژن.

زۆری نەبرد کە هەموو دونیا... چی تر کەس بەرپرسی نەبوو... هەمووان خانوویان هەبوو... شەڕ نەدەکرا...

خەڵک خۆشحاڵ دەژیان. قەت بیرت نەدەکردەوە کە لە هەموو دونیا شۆڕشێ کراوە. ٤٢ بابانوئێل بۆ شۆڕشێکی وەها گەورە شتێ نەبوو.

بەڵام دەربارەی بکوژ یان ڕزگاردەری مرۆڤایەتی، کە ئەم شۆڕشە گەورەیەی بەبێ خوێن ڕشتن ڕێک خست، هیچ کات نەناسراو دەستبەسەر و تەمێن نەکرا.

کەس ئەم مرۆڤە پیرۆزەی نەناسی... جگە... لە من.

دەزانی کێیە.

هەڵبەت بەڵگەیەکم بەدەستەوە نییە، بەڵام هەر ئەوەی کە بە باوەڕەوە دەیڵێم تەواوە. تەنیا کەسێ دەتوانێ وەها کارێ بکات. هەڵکەوتوویەک، مرۆڤێکی بوێر کە خەونی هەیە، عەشقی خەڵک، سەبر و بێ ڕەحمییەک کە بۆ ئەم کارە پێویستە لەودا شەپۆل دەدا.

ئەم مرۆڤە خوشکی منە!